# پیرۆزبێت، ژنانی عێراق

جبار محسن

ڕۆژی ٢٣\ ٦ \ ٠٣ هەوا لێ پێکهاتنی ڕێکخراوی ئازادیژنانی عێرا قم بیست، ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشی کردم، لەم بارەیەوە پیرۆزبایی لە تەواوی ژنان و ئازادیخوازانو یەکسانیخوازانی عێراق ئەکەم، لە بەرئەوەی ئازادی ژنان پێوەری ئازادی کۆمەڵگایە و یەکسانیش بەبێ یەکسانی ژن و پیاو هیچ مانایەکی نییە خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو پایەیەکی ئەسڵی خەباتە بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. ئەمە خەباتە بۆ بڕینی دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، بۆ لەگۆڕنانی کۆنەپەرستی. .

ئەمە هە نگاوێکی هێرش بەرانەی تری کۆمۆنیزمە بۆسەر بۆرجوازی، بە تایبەت کۆنە پە رستەکەی، ئنجا ئەبێت بکەونە تەبریر هێنانەوە کە یان لەگەڵ ئازادی و یەکسانی ژنن لەگەڵ پیاوو دەق و کتێب و حیزبەکانیانی پێوە هەڵواسن، یان بیانو هێنانەوە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەکرێت یان نا. دەنگدانەوەی ئەم کارە هەر لەئێستاوە دیارە، چ لە ناوخۆو چ لە ناو میدیاکاندا. ئەم جێگەوڕێگە هێرش بەرانەیە تەنها لەم مەیدانەدا نییە بەلکو لە مەیدانی خەبات لەدژی ستەمی میللی و ناسیۆنالیزم وخەبات لە پێناو ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسیشدا بەهەمان شێوە بە ڕۆشنی دیارەو لە نیگەرانی نوسەرانی بۆرجوازیدا رەنگی داوەتەوە.

دەڵێن ئەمەریکا دیموکراتیو مۆدێلی ژیانی ئەوروپی دێنێ بۆ عێراق، ئەمە ئەو تەبلیغاتەیە کە ملیارەها دۆلاری بۆ سەرف کردووە، ئەمە چەکێکی گەورە ئەداتە دەست ئەم خەباتە کە هەنگاوو هێرشەکانی خێراترو پتەوتربکاتو زەربەکانی کەمەرشکێن بێت وە پشتیوانی گەورەی جیهانیش بەدەست بهێنێ. ئێستا عێراق نەك هەر بۆ ئەمەریکا بەڵکو بۆ هە موو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەژێرچاودێریدا دانراوە، بۆیە عێراق کۆمەڵگایەکی چاو لێ پۆشراوی وەك کوردستانی دوانزە ساڵی رابردوو نییە. عێراق کۆمەڵگایەکی پێناسە کراوەو لە ئاستانەی دیاری کردنی چارەنوسیدایە نەك ئۆردوگایەکی پێناسە نەکراوی ئایندە نادیار. لەم کۆمەڵگایەدا هەروا بە ئاسانی تاوانکارانی ئیسلامی و ناسیۆنالیزم ناتوانن ژن بکوژن و لەو لاشەوە دژایەتی کۆمۆنیزم و هەر دەنگێکی پێشکەوتوخواز بکەنو لە خوێنی هەڵکێشن، بەدەر لەمەش بوار بۆ گەشەو سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان زۆر لاوازترە لە کوردستان و ئەو سەرچاوە یەشیان نییە بە لێشاو پارە بکەن بە قورگیاندا و بە قانون و چەك خەڵکیان بۆ دەستەمۆ بکەن هەروەك یەکێتی و پارتی کردیان، ، بەلاَم لە لایەکی ترەوە ماتریاڵی ملیۆنی بزووتنەوەی دژی شەڕ دەتوانێ پشتیوانی بەهێزی خەباتی یەکسانی خوازی ژن وپیاو و کۆمۆنیزم بێت، ئەمەش ئەرکێکە لەسەر شانی ئێمە و دڵنیام ژنانی عێراق بە تەنیا نینو ئەم ئامانجەیان دێتە دی.

سەرکەوتو بێت خەباتو تێکۆشانی ڕێکخراوی ئازادیژنان

مەرگو نەمان بۆ کۆنەپەرستی و پیاو سالاری

1-7-03

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.